٢٠١٠\١٠\٢٧

## کورد نووسەرێکی گەورەی لەدەست چوو.

## دکتۆر مارف خەزنەدار - ١٩٣٠ - ٢٠١٠\١٠\٢٥



**فەهد گردەوانی**



مێژووی ئەدەبی کوردی دکتۆر مارف خەزنەدار



دوێنێ شەو لەشاری هەولێر، مامۆستاو نووسەری گەورەی کورد، دکتۆر مارف خەزنەدار دڵەگەورەکەی لەلێدان کەوت .



مامۆستا مارف خەزنەدار هەر لە پەنجاکانەوەدەستی بەنووسین کردووەو وتاری بڵاوکردۆتەوە. پاشان لەیەکێتی سۆڤیەت خوێندنی باڵای تەواوکرد و گەڕایەوەوڵات بووەمامۆستای گەلێک شاعیر و نووسەرانی کورد لەدانشگاکانی بەغدا . هەر لەوێشەوەبۆ ماوەیەک بووەمامۆستای قوتابیانی جەزائیر و لەدانشگای [عەنابە] وانەی ئەدەبی گووتەوە.

مامۆستا مارف هەردەم دەرگای ماڵەکەی بۆ قوتابیان کراوەبووەو گەلێک قوتابی سوودیان لەکتێبخانەگەورەکەی وەرگرتووە. بەدڵێکی فرەوان یارمەتی قوتابیانی داوەو ئاگادارم کەهەتا یارمەتی مادی پێشکەش بەو قوتابیانەکردووەکەدەستیان کورت و فەقیر بوون . هەرچەند جار زیارەتی پیرەهەولێرم کردبێت سەردانی ئەو مرۆڤەدڵ گەورەیەم کردووە پێکەوەدەردی نووسین و ئەدەب و باسی سیاسی و کۆمەڵاتی کورد و کوردستانمان کردووە.

بەر لە پازدەساڵیش داوام کرد کەدەسەڵاتداری کورد هەردوو کتابخانەی مارف خەزنەدار و مومتاز حەیدەری بکاتەکتێبخانەی ناشیونالی کورد و لەمەڵبەندێکی گەورەی دابنێن .

دیارە ئەوە و سەدان پرۆژەی تریان نەکرد و هەنووکەش ئەو گەنجینەگەوهەرەی مارف خەزنەدار دەبێت چاودێری بکرێت و یارمەتی بدرێت بۆ ئەوەی بەردەوام قوتابی کورد سوودی لێ ببینیت . گەوهەرەکانی مارف خەزنەدار گەلێک زۆرن و دەمێکیشەخوێندەواری کورد ئاشنایی لەگەڵیان هەیە. دوێنی شەو کاتیک سەرەخۆشیم لەماموستا جەمال خەزنەدار کرد گووتی رۆژێک بەر لەکۆچی دوایی گووتی { جەمال کوا بەرگی ئەلف کتابەکەتم نەدی }. ئاواتی ماموستا مارف پێگەیاندنی نەوەیەکی پاک و دڵسۆز بوو بۆ ئەو میللەتە. ئەمرۆ لەگۆڕستانی چراغ ناوەندی هەولێر و گۆڕستانی کۆنی پیرەهەولێر لەشی پیرۆزی ئەو مرۆڤمەزنەبەخاک سپێردرا . سەرەخۆشی لەدایکی بنیاد و میدیا و کوڕوکچەکەی و ماموستا جەمال خەزنەدار و کاک جەودەت دەکەم هیوادارم ئەوەدوا کۆستیان بی.

ماموستا جەمال خەزنەداری برای دکتۆرمارف رۆژی شەمەگەڕاوەهەولێر بۆ ئەوەی بەرگی یەکەمی بیوگرافیای رۆژنامەی کوردی چاپ بکات و بەداخەوەرۆژی دووشەمەماموستا مارف ماڵئاوایی لێکرد .

26\10\2010 - ستۆکهۆڵم

ماڵپەڕی فەهد گردەوانی